

## یاریزانی تێنسی سەرزەوی میدیا ئاڤدەل:

# زۆر بە ئاواتەوەم رۆژێک بێت بگەمە ئاستی شاراپۆڤا

شـــاری دهۆك یەكێكە لەو شارانەی كە خاوەن ژمارەیەكی زۆر یاریزانی بەتواناى لە یاریی تێنسی سەرزەوی تێدایە كـــە بەردەوام لەهەڵبژاردەی عێراق و لە ئاســـتی كچـــان رۆڵیان هەبووە، یەكێك لەو یاریزانانـــەش میدیائاڤدەلە، ئەو لەدایكبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری دهۆكە،یەكێكە لە یاریزانە باشەكانی كوردستان و عێراق،خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە لەگەڵ یانەی دهۆك و هەڵبژاردەی عێراق،چاوەڕوانی دوارۆژێكی باشی لێ دەكرێت .ئێمەش لەنزیكەوە ئەم گفتوگۆیەمان لە گەڵدا سازكرد.



***ئاستی ئەم یارییە لە كوردستاندا چۆن دەبینیت ؟**

-لە ئێســـتادا ئەم یارییە پێشكەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لەسەر ئاستی كوردستان وعێراق،یاریزانانی كوردیش لە یانەكانی كوردستاندا ئاستیان زۆر بەرزەو دوارۆژێكی باشیان دەبێت،دەتوانن نوێنەرایەتیی عێراق بكەن لە پاڵەوانێتیەكانی دەرەوەدا.

*** ئەم یارییە لەشاری دهۆك لە چ ئاستێكدایە ؟**

-ئەم یارییە مێژوویەكی باشی هەیە لە شارەكەمان، چونكە بەرپرسانی یانەكەمان بەردەوام لەخەمی یاریی تێنســـی سەرزەویدان،ئێستا یانەكەمان یەكێكـــە لە یانە هەرە بەتواناكانی عێراق،تەواوی یاریزانەكانمان لاون لەو یانەیە دروست بووینەو گرنگی زۆرمان پێ دەدرێت، ئێمەش ئاستمان باشە.

*** بۆبەرەوپێشچوونی ئەم یارییە لە شارەكان چی بكرێت باشە ؟**

-من وەكو یاریزانێك پێم باشـــە ژمارەیەك قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان ئاستەكانی تەمەن بكرێتەوە لە شاروشارۆچكەكانی كوردســـتان بۆماوەیەكی باش مەشـــق وڕاهێنانیان پی بكرێت بۆ ئەوەی ئێمە بەردەوام ســـوود لە یاریزانانی خۆمان وەربگرین وخولی بەردەوامیش بۆیاریزانان بكرێتەوە بۆ كچان وكوڕان.

***كێشەو گرفتان چییە وەكو یاریزانانی شاری دهۆك؟**

- دەتوانم بڵێم تاكە یانەین كە تاكو ئێستا دەستەی كارگێڕی نەیانهێشتوە كێشەمان هەبێت، بەردەوام لە پشتگیری ئێمەدان.

*** تا چەندخانەوادەكەت لە وەرزش كردنتدا هاوكاریت دەكەن ؟**

- ئەوان هاوكاری منن هەر بۆیە تاكو ئێستا توانیومە بەردەوام بم لە وەرزش كردن.

***لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەردەوامیت ؟**

-بەڵێ تائێستاش هەر یاریزانی ئەو هەڵبژاردەم.

***هیواو ئاواتت چیە لەم یارییە ؟**

-هیوام وایە بتوانم باشـــترین ئەنجام لەســـەر ئاستی عێراق وئاسیا و بەدەســـت بهێنم ناوی خۆم و كوردستان بەرز بكەمەوە.بتوانم خۆم بگەیەنمە ریزی یاریزانە گەورەكان.

***چی بەوكچانە دەڵیی كە وەرزش ناكەن یاخود دوورن لە جیهانی وەرزش ؟**

-وەرزش پەیامێكی خۆشەویســـتییە بۆیە داواكارم لەهەموو ئەوكچانەی كە تاكو ئێســـتا وەرزش ناكەن با بەزووترین كات خۆیان لە سەنتەرێك ناونووس بكەن بۆوەرزش كردن .

***بەچ یاریزانێكی جیهانی سەرسامی لە یاریی تێنسی سەرزەوی ؟**

-ماریا شاراپۆڤا چونكە یاریزانێكی زۆر بەتوانایە حەزدەكەم بگەمە ئاستی ئەو.

***ئەگەر لە كۆتاییداشتێكت مابێت ؟**

- ســـوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی خۆشەویســـت كەوا بەردەوام لەخزمەتی وەرزشدان بەبێ جیاوازی وخزمەتی وەرزشكارانی كوردستان دەكەن، بەهیوای ئەوەین بەردەوامبن لە پشتگیری كردنی ئافرەتانی وەرزشكار.

## حوسێن عەلی شەترەنجزانی نێودەوڵەتیی کوردستان و عیراق

# پەیمانگای کاپنکای شەترەنجم کردۆتەوەو بە شێوەیەکی ئەکادیمیش گەنجان فێر دەکەم

دیمانە: کارزان کانەبی

**یاریی شـــەترەنج یەکێکە لەو یارییانەی کە ئێستا لە شارەکانی کوردســـتان خواستی لەسەر زیاد بووە، ژمارەیەکی زۆر لە هەموو ئاستەکانی تەمەن ڕوو لەم وەرزشــە دەکەن،شـــاری هەولێریش لە کۆنەوە بەوە بەناوبانگ بووە کە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانابووە لەســـەر ئاستی کوردستان وعێراق و ئاسیا کە ئەنجامەکانیان بەرچاو بووە، یەکێك لەو یاریزانانەش حوســێنە، ناوبراو لەدایکبووی ســـاڵی ١٩٦٨ی شنگالە، لە ئێستاشدا یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق وهەڵبژاردەی هەولێرو یانەی پێشمەرگەی سلێمانییە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

*** ئاستی ئەم یارییە لە کوردستاندا چۆن دەبینیت ؟**

-ئاســـتی ئەم یارییە لە کوردســـتاندا باشــە، بەڵام وەکو پێویســـت بایەخی پێنادرێت،زۆر جار پاڵەوانێتیی کوردســـتان ئەنجام دەدرێت، بەڵام دەبێت بەسێ ڕۆژ تەواو بێت لەبەر بێ پارەیی،بەخۆشـــتان دەزانن نابێ پاڵەوانێتیەکی گەورە چ نەبێت دەبێ پێنج ڕۆژ بخایەنێت .

***بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆپێشکەوتنی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

- بە بۆچوونی من واباشــە ئەم بەرپرســـانەی وەرزش،ئەوەندە بەتەنیا بەدوای یاریی تۆپی پــێ نەکەون، بەدوای یاری تاکیش بکەون، لەئێســـتادا وەرزش بەتەنیـــا یاری تاکە هەموو پاڵەوانەکانی ئاســـیا و عەرەب هەمووی لە یارییە تاکەکانە، لە یارییە بەکۆمەڵەکان دروست نەبووینە.

***وەکو یاریزانێکی بەتوانا و کۆن، بەرنامەت بۆپێشـــکەوتنی یاری شـــەترەنج چییە ؟**

-من پەیمانگای کاپنکای شەترەنجم داناوە بۆئەوەی ئەو بۆشاییانە پڕکەمەوە پێویستە ئەو گەنجانەی کە فێری شەترەنج دەبن بە شێوەیەکی ئەکادیمی فێریان بکەم، لێرە ڕێگـــری هەیە ناهێڵن کاربکەیت، ئیدارەی وەرزش لە کوردســـتان بەعەقڵییەتێکی زۆر کۆن ئیدارەی وەرزش دەکەن لە یارییە تاکەکاندا، لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردســـتان بودجەی هەیە کەچی لە ســـەدا شەســـتی بودجەکەی بۆ فەرمانبەران وکارەکانی خۆیانە، شـــتێکی کەم بۆ وەرزش ســـەرف دەکرێت و کـــەم وکوڕیی زۆر هەیە .بە بۆچوونی من لە لیژنەی ئۆڵۆمپی بۆئەندامەکان پێویســـتیان بە کەســـانی گەنجە وخوێنی نوێیان دەوێت، من تەمەنم ١١ساڵ بووە لەم هەولێرە کەســـم بینیوە بەڕێوەبەری گشـــتی بووە تاکو ئێســـتاش هەر بەردەوامە .

***ماوەیەکی زۆر خزمەتی شـــاری هەولێرت کرد لە یانەی خانزاد بۆچی ئەو یانەیەت بەجێهێشت؟**

-من ئەمســـاڵ لەگـــەڵ هەڵبژاردەی هەولێر لە بەغدا بەشـــداریی پاڵەوانێتییەکەمـــان کرد یەکەمی عێراق بوویـــن، بەڵام من وەکو یاریزانی پیشـــەگەر بۆ یانەی پێشـــمەرگەی ســـلێمانی یاری دەکەم، پار لە خانزاد بووم، ســـاڵی دواتر لە یانەی بەرید یاریم کرد وەکو پیشەگەر بووینە پاڵەوانی یانەکانی عەرەب.

***وەکـــو یاریزانێکـــی پیشـــەگەر تائێســـتا خاوەنی چەند میدالیایت؟**

-خاوەن یەك ژوورە میدالیام کە لە ژماردن نایێت.

***بـــە گوێـــرەی ئـــەو خزمەت و ئـــەو هەموو دەســـتکەوتە وەکو پێویســـت خزمەتکراویت؟**

-نەخێـــر خزمەت نەکراوم، بەڵام ئێمە بۆخۆشـــی و هیوایەتەکە وەرزش دەکەین پێشتر پارە نەبوو لە وەرزش ئێستا پارە هاتۆتە نێو یاریی شەترەنج.

***دەڵێن لە ژمارەیەك یانەی جیهان داوا کراویت ؟**

-بەڵێ لە میسر و ئیمارات وئەڵمانیاش داواکراوم وەکو یاریزانێکی پیشەگەر.

*** لەمانەوەت لە شاری هەولێر ئامانجت چییە ؟**

-تەنیا مەبەســـتی من خزمەتکردنی ئەم شـــارەیە خزمەتی گەنجەکان بکەم، پەیمانـــگام داناوەو ڕاهێنەرم لە دەرەوە هێناوەو خۆم و بەڕێوەبەرەکە پارەکەی لە گیرفانی خۆمان بۆ دابین دەکەین.

***دەڵێن بەرنامەی باشتان هەیە بۆ شاری هەولێر؟**

-بەڵێ من و کاك دڵزار بەرنامەی باشمان هەیە و پەیوەندیی بەرفراوانمان هەیە لەگەڵ جیهان بۆباشتر کردنی ئەم یارییە لەشاری هەولێر.

***ئەگەر شتێکت مابێت؟**

-شەترەنج یارییەکە لەسەر مێز دەکرێت و پێویســـتە ڕاگەیاندن گرنگیی زۆری پێبدات، هەرچەنـــدە ڕاگەیاندنەکان خزمەتـــی زۆری ئـــەم یارییەیان کردووە،بەڵام شـــەترەنج پێویستیی بـــە پشـــتگیریی ڕاگەیاندنە، من گەشـــبینم بە شـــەترەنجی شاری هەولێر بەهیـــوای ئەوەم حکومەتی هەرێـــم گەنجـــی بەتوانا لە وەرزش کۆبکاتـــەوە بـــۆ بەڕێوەبردنی وەرزش.



# جۆکۆڤیتچ باشترینه له ساڵی ٢٠١٢

یاریزانی تێنسی سەر زەویی سربی نۆڤاك جۆکۆڤیتچ توانی پارێزگاری لە ڕیزبەندی باشترین یاریزانەکانی جیهان لەسەر ئاستی جیهان بۆ تێنسی سەرزەوی بکات، دوای ئەوەی لە پاڵەوانێتیی پاریسی نێودەوڵەتی بەشداری کرد و رکابەریی سەرەکیی سویسری رۆجێر فیدرێر بەشداری لەم پاڵەوانێتییەدا نەکرد، بۆیە جۆکۆڤیتچ لە ساڵی ٢٠١٢ هەر لە پێشەنگی باشترین یاریزانەکانی تێنسی سەر زەوی دەمێنێتەوە بە بێ ئەوەی سەیری ئەنجامەکانی دوایین پاڵەوانێتییەکانی وەرزی ئەمساڵ بکرێت، کە لە لەندەن ئەنجام دەدرێت.

جۆکۆڤیتچ یەکەم یاریزانە لەسەر ئاستی جیهان، کە بتوانێت دوو وەرز لەسەر یەکدی لە لووتکەی ریزبەندی باشترین یاریزانی جیهان بێت، هەروەها جۆکۆڤیتچ لە وەرزی ئەمساڵدا توانی پێنج نازناو بەدەستبهێنێت ئەویش هەریەکە لە نازناوەکانی (ئوستراڵیای کراوە، میامی، کەنەدا، شەنغهای) زیاتر لە ٨ ملیۆن دۆلاری وەکو خەڵات بە دەستهێناوە،بۆیە یەکێتیی نێودەوڵەتی تێنسی سەر زەوی بریاری داوە لە کۆتایی پاڵەوانییەتی لەندەن خەڵاتێك وەك دیاری پێشکەش بە جۆکۆڤیتچی تەمەن (٢٥) ساڵ بکات بەهۆی ئەم دەستکەوتە مەزنانەی کە لە وەرزی ئەمساڵدا بە دەستی هێناون.

ئەمەش ریزبەندی باشترین ١٠ یاریزانی جیهانە.

١-سربی نۆڤاك جۆکۆڤیتچ ١١٤٢٠ خاڵ.
٢-سویسری رۆجیە فیدریر ٩٤٦٥ خاڵ.
٣-بەریتانی ئەندی مۆرانی ٧٦٠٠ خاڵ.
٤- ئیسپانی رافائیل نادال ٦٧٩٥ خاڵ.
٥-ئیسپانی دیڤید فێرر ٦٠٣٠ خاڵ.
٦- چیکی تۆماس بیردتچ ٤٤٠٥ خاڵ.
٧-ئەرجەنتینی خوان مارتن دیل بۆدرو ٤٠٨٠ خاڵ.
٨- فەرەنسی تسۆنگا ٣٤٩٠ خاڵ.
٩-سربی یانکو ٢٩٩٠ خاڵ.
١٠-فەرەنسی ریشار گاسکیە ٢٠١٥ خاڵ.




## یانەی مانچیستەر پەیکەر بۆ فیرگسوون دروست دەکات

لە کۆتایی ئەم مانگەدا یانەی مانچیستەر یۆنایتد بەفەرمی بڕیاری دا پەیکەرێك بۆ فیرگسوون ڕاهێنەری شەیتانە سوورەکان دروست بکات.

فیرگسوون لە ماوەی رابردوودا ئاهەنگی ٢٦ ساڵە راهێنەرایەتی شەیتانە سوورەکانی گێڕا.

ئەم پەیکەرە بەرزی ٩ پێیە و هونەمەرند فیلیپ جاکسوون دروستی دەکات ئەم پەیکەرە لە مدرج فێرگسوون دادەندرێت لە نێو یاریگا.

جێگای باسە سیر ئەلیکس فیرگسوون سەرکەوتووترین راهێنەرە لە مێژووی تۆپی پێی یانەی مانچستەر یۆنایتد، کە توانیویەتی ١٢ نازناوی خولی ئینگلتەرە و دوو خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بە دەستبهێنێت.



# سێ یاریزان رکابەری لە باشترینەکانی گۆڕەپان و مەیدان دەکەن

یەکێتیی نێودەوڵەتیی گۆڕەپان و مەیدان سێ یاریزانی دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی رکابەری لەسەر نازناوی باشترین یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستی جیهاندا بکەن.

ئەم سێ یاریزانە بریتین لە جامایکی ئۆسین بۆڵت و یاریزانی ئەمەریکی ئێرییس میریت و یاریزانی کینی دیڤید رودیشا یە.

ئیسن بۆڵت توانی دەستکەوتێکی مێژوویی بۆ خۆی تۆمار بکات، کاتێك بۆ دووەم جار لەسەر یەکدی لە ئۆڵۆمپیـــاد ٣ ملوانکـــەی زێری بە دەســـتهێنا، ئەوەیش لە راکردنی ١٠٠م و ٢٠٠م و ٤*١٠٠م پۆســـتە، ئەگەر بە باشترین یاریزانی جیهان دەستنیشان بکرێت دەبێتە یەکەم یاریزان کە بتوانێت چوار جار نازناوەکە بە دەستبهێنێت ٢٠٠٨، ٢٠٠٩، ٢٠١١.

یاریزان رۆدیشا لە ئۆڵۆمپیادی لەندەن توانی لە راکردنی ٨٠٠م پلەی یەکـــەم دەســـتبهێنێت و ژمـــارەی پێوانەیی جیهانـــی تۆمـــار کرد و لەساڵی ٢٠١٠ بە باشترین یاریزانی جیهان دەستنیشان کرا.

یاریزان میریت لە راکردنی ١١٠م بەربەســـت توانی ملوانکەی زێڕ لە ئۆڵۆمپیادی لەندەن بە دەســـتبهێنێت ژمارەی پێوانەیی جیهانی تۆمار کرد.

جێگەی باسە لە شاری بەرشلۆنە ئاهەنگی دەستنیشـــان کردنی باشترین یاریزانی ساڵی ٢٠١٢ بـــۆ گۆڕەپـــان و مەیدان ئەنجام دەدرێت.








# رایکۆنن پلەی یەکەمی خەڵاتی ئەبو زەبی بە دەستهێنا

شۆفیری تیپی لۆتۆس رینۆ فیلندنی کیمی رایکۆنن توانی پلەی یەکەمی پێشبرکێی ئەبو زەبی بۆ رکابەرییەکانی فۆرملا ون بە دەستبهێنێت.

ئەمـــە یەکەم ســـەرکەوتنی کیمی رایکۆننە دوای رۆیشـــتنی ١٨ قۆناغ لە کـــۆی ٢٠ قۆناغی رکابەرییەکانی فۆرملا ون، هەروەها یەکەم سەرکەوتنی تیپی رینویشە.

ریزبەندی ٥ شۆفێری پێشبڕکێی ئەبو زەبی بۆ فۆرملا یەك بەم شێوەیە بوو.

١-فینلندی کیمی راکیۆنن (لۆتۆس رینو)

٢- ئیسپانی فرناندۆ ئەلۆنسۆ (فیراری).

٣-ئەڵمانی سبیستان فیتل (رید بۆل رینۆ).

٤-بەریتانی جۆنسۆن باتل (ماکلارین مارسیدس).

٥-ڤنزویلی باستۆر ماڵدۆناڵدۆ (ولیامس رینۆ).

دوای تەواوبوونی ئەم پێشـــبرکێیە یاریزانی ئیســـپانی فرناندۆ ئەلۆنســـۆ پارێزگاری لە پێشەنگی فۆرملا یەکی کرد و لە پلەی دووەم شـــۆفیری ئەڵمانی سبیســـتان فیتل دێت و لە پلەی ســـێیەم شۆفیری فینلندی کیمی رایکۆنن دێت.

# دهۆک لە یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی سکاڵا لەسەر فابیۆی بەرازیلی تۆماردەکات



دوای ئەوەی دەستەی کارگێڕیی یانەی دهۆك لە ماوەی رابردوو گرێبەستێکی فابیۆی بەرازیلی مۆردەکات، دوای ماوەیەك بەشداریکردن لەکەمپی مەشق وڕاهێنانی یانەکە یاریزانی ناوبراو دوای ئەوەی دەزانی دەستەی ڕاهێنەرانی یانەکە لە ئاستی ئەو ڕازی نین و نایانەوێ گرێبەستی لەگەڵ مۆربکەن، یاریزانی ناوبراو بڕی ٦٠هەزار دۆلار دەبات و خۆی لەیانەی دهۆك ون دەکات، لەم بارەشەوە سەعید ئەحمەد سەرۆکی یانەی وەرزشی دهۆك دەڵێت «ئێمە سەرەتا بە مەرج گرێبەستمان لەگەڵ یاریزانی بەرازیلی فابیۆ مۆرکرد بۆماوەی سێ مانگ و بڕی ٦٩٠هەزار دۆلارمان پێدا، ئەوەشمان پێ راگەیاندبوو ئەگەر لە دوای کەمپی مەشق دەستەی راهێنەران ڕازی نەبوون لە ئاستی، ئەوکات گرێبەستی لەگەڵ هەڵدەوەشێنینەوە ئەویش ڕازی بوو، بەڵام دوای بەشداری کردنی لە کەمپی یانەکە لە وڵاتی تورکیا، دەستەی ڕاهێنەران لە ئاستی ئەو ڕازی نەبوون بۆیە ئەو یاریزانە خۆی لە ئێمە ون کردووە بڕی ٦٠هەزار دۆلاری بردووە بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵهاتووە، گوتیشی ئێمە بەفەرمی سکاڵامان لەدژی بەرز کردۆتەوە لە یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی و لە یەکێتیی تۆپی پێی عێراقی و هەموو فرۆکەخانەکان و سنوورەکانی کوردستانیشمان ئاگادارکردۆتەوە لەڕاکردنی ئەو یاریزانە تا ئێستا دیار نییە و بڕێکی زۆریش پارەی ئێمەی بردووە بەڵام ئێمە زانیاریمان هەیە، لە ڕێگای خاڵی سنوری ئێرانەوە بەهاوکاری چەند کەسێك گواسترابێتەوە بۆوڵاتی ئێران، تاکو ئێستاش ئیستغنای یاریکردنی نێودەوڵەتی لای ئێمە دەستبەسەر کراوە ڕێگای نادەین بۆهیچ یانەیەکی دیکە یاری بکات، ئێمە بەردەوام دەبین تاکو شوێنی دەدۆزینەوە ئەوکات مافی خۆمانی لێ وەردەگرینەوە.

# پێشمەرگەی سلێمانی پاڵەوانێتیی تۆپی سەرمێزی کوردستانی بەدەستهێنا

بەسەرپەرشتی یەکێتیی ناوەندی تۆپی سەرمێزی کوردستان و بەهاوکاری لقی هەولێری یەکێتییەکە لە هۆڵی سەنتەری بلووی وەرزشی بەبەشداری ژمارەیەك لە یانەکانی شارەکانی کوردستان، قۆناغی کۆتایی پاڵەوانێتیی تۆپی سەرمێزی یانەکانی کوردستان بۆیانە پلە نایابەکان بۆماوەی سێ ڕۆژ بەڕێوەچوو کە کێبڕکێ بەهێزیان دەکرد لەسەربەدەستهێنانی نازناوی خولەکە لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان، لە پاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو لەهەردوو ئاست، توانیان ئاستێکی بەرزی یاریی تۆپی سەرمێز پێشکەش بکەن، ڕکابەریی یەکدییان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە ئەنجامی کۆتاییش بەم جۆرە بوو.

ئاستی کچان

١-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی

٢-یانەی شەقڵاوە

٣-یانەی دهۆك

لەسەر ئاستی کوڕان

١-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی

٢-یانەی سلێمانی

٣-یانەی هەڵەبجە

هەردوو یانەی سیروانی نوێ و قەڵای تورکمان لە ئاستی کوڕان بۆ خولی پلە یەك دابەزین.



# یانەی سلێمانی دوای حەوت یاری قسەی خۆی دەبێت



دوای ئەوەی یانەی سلێمانی لەم وەرزەدا سەرکەوت بۆ ریزی یانە پلە بژاردەکانی عێراقی، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش بۆ ئەم وەرزەی خولەکە ژمارەیەك گرێبەستی گران بەهای مۆرکردوە بۆئەوەی بتوانێت شـــان بەشـــانی یانەکانی دیکە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەستبهێنن، لەم بارەشەوە مەلا جەبار ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی سلێمانی روونی کردەوە کە « ئێمە بڕی یەکەمی گرێبەستی یاریزانەکانمان داوە کە کۆی تەواوی پارەکەی بەشی یەکەمی گرێبەستەکان ٤٥٠ملیۆن دینارە، ئێمە وەکو پاڵپشـــتیك بۆ تیپەکە ئەو برە پارەمان داوە بە یاریزانانی تیپەکەمان وهیچ جیاوازیەکمان نەکردووە لەنێوان یاریزانانی یانەکەمان، گوتیشـــی ئومێدمان هەیە بتوانین بەم یاریزانانە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین و بۆماوەی شەش تا حەوت یاری سەیری ئەنجامی یارییەکانمان دەکەین ئەگەر پێویست بکات یاریزانی تـــر بهێنیـــن ئەوکات بڕیاردەدەین و یاریزانیش دەینین، لەبارەی ئەگەری نەبوونی ئەنجامی ئەوکات چی دەکەن ناوبراو گوتی «ئێمە هەتا حەوت یاری هیچ بڕیارێك نادەین لەدوای ئەوە سەیری ئەنجامی تیپەکەمان دەکەین ئەوکات چی باش بێت بۆیانەی سلێمانی ئەنجامی دەدەین، ئینجا هەرشتێکی پێویست بکات دەیکەین، بڕواشـــمان بەخۆمان هەیە ئەنجامی باش بەدەستهێنین.گوتیشـــی هەرچەندە لە ســێ یاری رابردوودا تووشی شکست بووین بەرامبەر یانەکانی مەسافی ودهۆك وکارەبا، بەڵام ئومێدیشمان بە یاریزانانی تیپەکەمان هەیە کە ئەنجامی باش بەدەستبهێنین.

# یانەی سێمێل پەنا بۆ ماریانی رۆمانی دەبات



دوای ئەوەی یانەی سێمێل لەسەرەتاکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئاستی یانەکەی وەکو پێویست نەبوو، ڕاهێنەری یانەکەشی محەمەد یوسف دەستی لە ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی یانەکە کێشایەوە، بۆئەم مەبەستەش دەستەی کارگێڕیی یانەی ســێمێل دوای ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە لە دەســتەی کارگێڕی یانەکە بەمەبەستی دەستنیشان کردنی ڕاهێنەرێکی خاوەن ئەزموون بۆسەرپەرشــتی کردنی یانەی ســێمێل لە خولی نایابی یانەکانی کوردســتان، یانەی ســێمێل ڕاهێنەری رۆمانی ماریانی بە ڕاهێنەری تازەی یانەکەی دەستنیشـــان کرد، لەم بارەشـــەوە محەمەد رەمەزان جێگری ســەرۆکی یانەی ســێمێل بە گۆڤاری گوڵانی گوت «ئێمە بەمەبەستی باشتر بوونی ئاستی تیپی تۆپی پێی یانەکەمان لە خولی نایابی یانەکانی کوردســتان و بەدەستهێنانی ئەنجامێکی شایستە لە خولی نایابی کوردستان، دوای دەست لەکارکێشانەوەی ڕاهێنەری پێشووی یانەکەمان توانیمان دوای ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ ڕاهێنەری پیشـــەگەری رۆمانی (ماریان)بگەینە رێکەوتن بۆئەوەی مەشقی یانەی ســێمێل لە ئەســتۆ بگرێت لە یارییەکانی خولی نایابی کوردستان، بۆیە دوای قسەکردنم لەگەل ڕاهێنەری ناوبراو گەیشتینە رێکەوتن بۆئەوەی بۆیەك وەرز سەرپەرشتی یانەی سێمێل بکات لە خولی نایابی کوردستان، لە بارەی بڕی گرێبەستی ڕاهێنەر ماریان ناوبراو گوتی: « ئێمە گرێبەستەکەمان وەکو مانگانە لەگەڵ ماریان کردوە بۆ هەر مانگێك بڕی دووهەزاروپێنج ســەد دۆلاری پێدەدەین، تەواوی گرێبەستەکەشی بۆهەر یەك ســاڵە بڕی ١٥هەزار دۆلارە، گوتیشـــی ڕاهێنەری ناوبراو پێشـــتر ڕاهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی ســوریا و هەریەك لــە یانەکانی حتین وحەزم بووە لە وڵاتی ســوریا و لە خولی سعودیەش ڕاهێنەری یانەی جەبەل نەزران بووە، گوتیشی یاریدەدەری ڕاهێنەری ناوبراو ئەحمەد مەحروس بووە لەگەڵ یانەکەمان بەردەوام دەبێت بەهیوای ئەوەین بتوانین ئەنجامێکی شایســـتە پێشکەش بکەین لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان .